www.kurdistannet.org

# بەڕاستی فادیمە پێشمەرگە بوو؟

چەند ڕۆژێکە ئاگاداریەک لە سەر رۆمانەکەی بەڕێز جەزا چنگیانی لە سەر تۆڕی ئینترنێت دەبینرێ، کاکە جەزا لە کۆتایەکانی ئەم رۆمانە دا هەواڵی کوژرانی فادیمە شاهیندالی بیستووە و هەر بۆیە ئەم نووسینەی خۆی پێشکەش بە ناوبراو کردووە و لەم پێوەندیە دا دەنووسێ: "...لە رۆژی ٢٠٠٢/٢/٢١ باوکێکی کەللە بەردی پرێمێتیڤی کورد، کچەکەی خۆی کوشت. ئەم رۆمانە بە قارەمان و پێشەنگی ڕێگەی هاوسەنگی مافەکانی ئافرەت لە کۆمەڵدا، بە خانمی پێشمەرگەی کوردی سویدی (فاتمە شاهیندال) پێشکەشە."(جەزا چەنگیانی).

لەم پێوەندیەدا چەند پرسیار بۆ منی خوێنەر دێتە گۆڕێ کە ئەویش ئەمانەن:

ئایا بە راستی فادیمە شاهیندڵ پێشمەرگەیە؟

ئایا باوکی فادیمە سەر بەردین بوو یان فادیمە؟

ئایا بۆ ئەوە دەبێ ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە فادیمە بنێین؟

ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە دێتە گۆڕێ، بەڵام چەندین روونکردنەوەش هەیە، کە دەبێ نووسەرانی وەک کاک جەزا پێش ئەوەی رۆمانەکانیان پێشکەش دەکەن بە جوانی لێی ورد ببنەوە.

من هەر وەک چەندین جار لە رادیۆ "دەنگی کوردستان" لە ستۆکهۆڵم و لە چەندین نووسراویشدا وتوومە، هیچ رۆکخراو کۆمەڵ و یان کەسایەتی یەک ناتوانێ و مافی ئەوەی نییە کە گیانی کەسێک بستێنێ و بە هەر دەلیل و هۆیەک بێ بیکوژێ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە من بە هیچ جۆرێک پشتیوانی لە کارە نامرۆڤانەکەی باوکی فادیمە (رەحیم شاهیندال) ناکەم. بەڵام بەڕاستی خەتاکە تەنیا لە ئەستۆی باوکی فادیمە دایە، یان هەر دوو لایەن تاوانبارن. پێش ئەوەش درێژە بە ئەم نووسینە بدەم دەبێ ئەوەش بڵێم کە من بۆ خۆم چووکەترین دژایەتی لەگەڵ ئەوە نییە کە کچ یان کوڕ بە دڵی خۆیان هاوسەر و هاودەم بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

بەڵام راستی یەکی شاراوە لەم نێوەدایە کە کاک جەزا نەیبینیووە، ئەویش ئەوەیە کە ئەم کارە لە لایەن راگەیێنەرە گشتیەکانی سویدەوە لە رادە بەدەر گەورە کرایەوە و هۆیەکەشی تەنیا ئەوە بوو کە ناوی کوردی پێ بەدناو بکەن و وا نیشان بدەن کە کورد کێوین و هەر کچێکیان مێردێکی سویدی بۆ خۆی پەیدا بکا دەیکوژن، بۆ ئەم

www.kurdistannet.org

مەبەستەش فادیمەیان بەکار هێنـا و بـە هـەموو شـێوەیەک پـڕپـاگەندەیـان بـە قسـەکانیەوە دەکرد، دوای کوشتنیشی "ژن کوژیان" بە کلتووری کوردی لە قەڵەم دا.

بەراستی ئـەگەر فادیمـە کچـی کـاک جـەزا بووایـە، لەسـەر بیروڕایـەی خـۆی، بـاوک و براکەی بە زیندان و جەریمەدان دابایە، کاک جەزا چی دەکـرد؟ یـان ئـەگەر خزمـەکانی (کـە نزیکـەی ٦٠٠ کـەس دەبـن) هـەموو ڕۆژێـک بــەرۆکیان بەرنــەدابا و نــاوی "بــێ نامووس"یان لێ ناباو و وێنەی کچەکەیان لە سـوێدەوە بناردبایـەوە بـۆ تورکیـە و بـارێک درۆ و دەلەسەی دیکەیان پێ زیاد کردبایە، دەسەڵاتت چی بوو.

دوو حەوتوو لەمەوبەر ژنە نووسەرێک لە سلێمایەوە هاتبووە سوێد و لـە سـەر ڕادیۆیـەکی کوردی باسی ژنی دەکـرد، گوێگرێکیـش تەلـەفوونی کـرد و باسـی ئـەوەی دەکـرد کـە گوایـە فادیمـە لـە بـارێک دا زیپـی شـەرواڵەکەی داخزانـدووە و ... باشـە کـاک جــەزا، پێشمەرگە کاری وا دەکا؟ یان لە دادگایەکدا فادیمە دەڵێ: "باوکم و بنەماڵەکی هیچێـک شک نابەن، تەنیا بە قسەی خۆیان نامووسیان هەیە، کە ئەویش من لێم وەرگرتوون."

بە پێــی ئـەو لێکۆڵینـەوە و وتوێژانـە کـە لـە تەلـەفزیۆنی سـوێد دەکـران و لـە یـەکێکیاندا مامۆستاکەی فادیمەش بە ناوی "مەسعود کـەریمی" بەشـدار بـوو، دوای گـرتـن و زنـدانی کردنی باوک و برای (سـاڵێک پێـش ئـەوەی بکـوژرێ)، فادیمـە بـۆی دەرکـەوتبوو کـە ڕاگێندراوە گشتیەکانی سـوێد لـە نیـاز پـاکی ئـەو کـەڵکیان وەرگرتـووە و ئـەویان وەک داردەستێک بۆ بەدناو کردنی کــورد بـەکار هێنـاوە و زۆر لـەم کـارەی خۆشـی پەشـیمان بووە.

لەو کاتەشەوە کە فادیمە کوژراوە، تاکوو ئێستاش زۆربەی کوردەکانی ئێرە (ئەوانەی کـە دڵسۆزی کوردن) بە هەموو جۆرێک تێدەکۆشــن کـە ئـەوە ببەینـە نێـو مێشـکی خـەڵکی دانیشتووی سوێد دا کە ئێمەی کورد ژن کــوژ نییـە، بـەڵام مـەخابن فادیمـە کـارێکی وای نەکردووە کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەم لەکەمان لەسەر بسڕێتەوە. لە سوێد دا هێندە لەسەر ئەم مەسەلەیە باس کراوە، هێندێک خەڵکی ساوێلکە وادەزانــن "کــورد" دینـە. ڕۆژێـک ژنێکی سوێدی دەیوت:"تۆ بۆ لەسەر ئەم دینە "کورد" لانادەی، هەر بۆ ئـەوەی بـاوک و دایکت دینی کوردیان هەبووە!؟"

باشە ئەگەر ئەمە کلتوری کوردە، دەبوا ئەو ژنە سوێدیانە کە دەچنە دەرەوەی سـوێد و لـە گەڵ کەسی دیکە دەخەون، ئەو پیاوە سوێدیانە کە دەچن بۆ تایلەند و وڵاتـە فەقـەرەکانی تر و منداڵی ٤، ٥ (چەند ساڵ پێش بە دزی فیلم گیرابوو، یەکێک لەو کەسانە قەشە یەک

www.kurdistannet.org

بوو) ساڵە دەکرن و دەستریژی پێ دەکەن، ئەوانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵی خۆیان (کە لە سوێد دا رادەشیان یەکجار زۆرە) ئەمانە هەموو کلتوری سوێدیی بایەن.
با بگەڕێینەوە سەر پێشەکی یەکەی کاک جەزا، بە بڕوای من وشەی "کەللە بەردین" کە زۆرتر لە زاراوەی کرمانجی سەروودا باوە و پێی دەڵێن (سەر هشک) کە کاک جەزا بۆ باوکی فادیمە بەکاری هێناوە، دەبێ زیاتر بۆ فادیمەی بەکار بهێندرێ، لەبەر ئەوەی کە "سەر هشک" بە کەسێک دەڵێن کە قسە بە گوێیا ناچێ، یان بە قەوڵی کوردان "کەللە رەق بێ". باشە کابرایەک وەک رەحیم شاهینداڵ کە تەمەنی لە ٦٠ تێدەپەڕێ، دێتە سەر ئەو باوەڕە کە بەو مەرجەی کچەکەی بڕوات و لەبەرچاوی ون بێ و نەگەڕێتەوە بۆ شارەکەیان، ئەم کاری پێوە نییە کللە بەردینە، یان فادیمە کە سەرەڕای ئەوی هەڕەشەی مەرگی لێ کراوە، جارێکیتر دەگەڕێتەوە و راست دەڕواتە ماڵ خۆشکی؟ لێرەدا دەردەکەوێ کە کەللی باوکی کە کۆنتریشە لە کللەی فادیمە نەرمتر بووە. ئەو جار بەڕاستی تاوانەکە تەنیا هی باوکی فادیمە نەبووە، باشە چەندین رێکراو و کەسایەتی و ئیدارەی دەوڵەتی و راگەیەنێرە گشتیەکانی سوێد جاری پێشوو پاڵیان دا بە فادیمەوە و دژی بنەماڵەکەی هانیان دا، بەڵام کەسێک لە باکی پرسی؟ لێرە دا دەوڵەتی سوێدیش تاوانبارە، باوکی پێویستی بە یارمەتی بوو، ئەوانی یارمەتی کچەکەیان دەدا. بەراستی ئەگەر فادیمە بێ گوناخ بوو، بۆ تەنیا خۆشکە چووکەکەی وەک شایەت لە دادگا دا شایەتی دا، کەسەکانیتر هیچکامیان رازی نەبوون شایەتی بدەن!
کاک جەزا گیان هەر وا هاسان نییە کابرایەک هەستێ و کچەکەی خۆی بکوژێ، تۆ بۆ یەک چرکە خۆت لە جێگای رەحیم شاهینداڵ دابنێ و بیری لێ بکەوە بزانە ئەگەر کچەکەی تۆ هەر ئەو کارەی بکردبایە کە فادیمە کردی و بە قەوڵی بنەماڵەکەی ئابڕووی ببردبایەی و لەشی نیشان خەڵکی تر بدابایە و دوای دادگەیەکە باوک و براکەی کە بە زیندان حوکم دران و براکەیان بە گریان و زاری برد بۆ بەندیخانە، خۆشی وەک باسکی بانان دەستی کردە نێو دەستی کوڕەکەیدا و چوونە ئەوبەرەوە بۆ ئیسگەی ترێن، چیت دەکرد، ئایا بە راستی ئەو کاتیش ئامادە دەبووی ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە"ی لێ بنێی؟
هیوادارم کاک جەزا بە خوێندنەوەی ئەم نووسینە لێم تووڕە نەبێ و نووسەرانی کوردیش ئەگە بەهەمی رەنج و زەحمەت و شەونخوونی خۆیان پێشکەش بە کەسێک دەکەن، باش بیری لێبکەنەوە بزانن شایانی ئەوەیە.
بە سپاسەوە حامید درودی
٢٠٠٢/٣/٢٥

www.kurdistannet.org